سودانی و مەدبولی بەشداری لە کۆبوونەوەی ئابووری عێراق و میسر دەکەن

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی و سەرۆک وەزیرانی میسر بەشداریان لە کۆبوونەوەی ئابووری عێراق و میسر کرد

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی و سەرۆک وەزیرانی میسر مستەفا مەدبولی، ئامادەی کۆبوونەوەی ئابووری عێراق و میسر بوون کە ئەمە پێنجشەممە لە بەغداد بەڕێوەچوو، بە بەشداری هەردوو ژووری بازرگانی عێراق و میسر و ئامادەبوونی زیاتر لە 300 بازرگانی هەردوو وڵات، و کۆبوونەکە تەرخانکرابوو بە تاوتوێکردنی دەرفەتەکانی هاوکاری هاوبەش لە بوارە جیاجیاکاندا.

سودانی لە میانەی وتارێکیدا لە کۆبوونەکە، ئاماژەی بە قووڵایی پەیوەندییە مێژوویی و کولتوورییەکانی نێوان عێراق و میسر و ئەو پەیوەندییە کەمەایەتی و ئابووریانە کرد، کە بناغەیەکی تەکمە بە هاوبەشی دوولایەنە و دەرفەتی هاوبەش پێکدەهێنن، بەتایبەتی بە کەرتی تایبەت، بە کارکردن لە هەموو بوارە ئابووریەکان، چ لە عێراق بێت یان لە میسر.

سودانی ئاماژەی بەوەکرد کە چاکسازییە ئابووریەکان بەهەموو ڕەهەندە بانکداری و کارگێڕی و باج و

وەبەرهێنانەکانییەوە زەمینەی بۆ کارکردنی کۆمپانیا میسرییەکان و هاوبەشی بەرچاو لێگەڵ کەرتی تایبەتی عێراقی ڕەخساندووە، و هەوڵدەدەین چالاکییەکانیان بەرەو دەرفەت و بوارەکانی کاری زیاتر ببەین لێگەڵپانی میسر"ـیشدا.

لە لای خۆیەوە سەرۆک وەزیرانی میسر جەختی لەسەر بوونی ئیرادەیەکی سیاسی و جەماوەری میسری کردەوە بە هاوکاری و هاوبەشی لێگەڵ عێراقدا، بە ئەوەی ببێتە قۆناغێکی پێشسازی و کشتوکاڵی و ئابووری و خزمەتگوزاری، و ئاماژەی بەو هەلومەرجە کرد کە ئێستا ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت، و پێویستی بە هەنگاونان بەرەو یەکگرتنی ئابووری و هەماهەنگی سیاسی هەیە بە بەرژەوەندی هەردوو گەلی عێراق و میسر بەرەو پێشکەوتن و گەشەسەندنی زیاتر.